نالی و سۆفیگەری

د. عەبدوڵلا خدر مەولوود
(زانکۆی سەڵاحەدین - کۆلێژی پەروەردە)

«پاک بوونەوە گاڵتە نییە، هەر بە قسە نابێ و گومرگی خۆی دەوێ»

(١ - ٢)

دەرویشی و سۆفیگەری لە سەردەمی نالیدا

سۆفیی مەستووری ڕووتی موفلسی خستە تەمەع
سەیری خاڵی بێ حیساب و ماچی لەعلی بێ بەها
ل٤٣

پاش هەڵگێڕ و وەرگێڕکردنی شیعرەکانی نالی دەبینین بە ژمارە، بیست و هەشت جار بەناو وشەی سۆفی بەکارهێناوە نێ جاریش ناوی شێخ هاتووە، چوار جاریش هەر یەکەو بەجیا ناوەکانی زاهید و واعیزی بەکارهێناوە، یەک جاریش ناوی دەرویشی هێناوە. ئەمانەو بێ لەو ئیشارەو هێما زۆرانەی لەناو دێرە شیعرەکانیدا باسی کردوون وەک: عارف، خەرقەپۆش، قەلەندەر، فەقیر، گەدا. . .. تاد. یا ئەو ناو و زاراوانەی بەو ڕێبازە پەیوەنددارن یا ئەو هەڵسوکەوت و بابەتانەی بە خودی ئەو کەسانەوە بەندن وەک: خووڕەوشتیان، سیفەتەکانیان، ڕاز و نهێنییان، ئیشوکار و لایەنەکانی تری ژیان و بەڕێوەچوونیان، ئەمانە و زیاتریش لای نالی ڕیسوا کراون و بەخراپە باسی کردوون، هەروەها پەردەی لەسەر هەڵوێستی ناشیرین و بێ جێ و ڕێیان هەڵداوەتەوە. لەو هەموو حاڵەتانە مەگەر تاک و تەرا دێڕ هەبێ کە ئەو ناوانەی سەرەوەی تێدابێت، مەنجەنیقی ڕق و کینەی خۆی بەسەردا دانەباراندبێ، یا هەر هیچ نەبێت وەک (تەنز) گاڵتەی بەڕێساو ژیانە پڕ لە نێگەتیڤەکانیانی نەکردبێ. لێرە پێویستە ئەو تێبینییەش فەرامۆش نەکرێت کە نالی لەو بوارەدا بە ڕابەر و سەردەستەی ئەو مەیدانە حسێبی بۆ دەکرێت و توانیویەتی دێرە شیعرەکانی وەک چەکێک بە ڕووی زۆر کەس و لایەن بەکار بهێنێ (شیعری دژی دەرویشیزم دوو شێوازی وەرگرتووە، یەکەمیان پەنجە درێژکردن بۆ هەندێ کار و کردەوەی خراپی دەرویشیزم و بەراوردکردنی لەگەڵ کەموکوڕی و ناگزووریی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی هونەری، وەکو لە هەندێ لە شیعرەکانی نالیدا دەردەکەوێ، دووەمیان هێرش بردنە بۆ سەر خووڕەوشت و دیاردە پراکتیکییەکانی دەرویشیزم، وەکو ڕووداوێکی دواکەوتوو و کۆنەپەرست لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا)(١).

نالی وەکو شاعیرێکی گەورە هەستی بەو بەرپرسیاریێە مەزنە کردووە، دژی ئەوانەش وەستاوە بەناوی ئایین و لەژێر هەر پەردەیەکدا بێت کە پشت لە حەق و سەروەرییە پیرۆزەکان بکەن و هەر بەرژەوەندییەکانی خۆیان بوێت و لەسەرووی هەموو بەرژەوەندییەکانی تری دابنێن، بۆیە بە بیر و قەڵەم، بە وشەو وێنە، بە هۆشێکی کراوە وەکو شارەزا و ئەزموندار لەو بوارە قۆڵی مەردانەی لێ هەڵماڵیوەو ئەم هەڵسوکەوتە چەوتانەی ناو کۆمەڵی کوردەواری ڕەت دەکاتەوە و بە تووندی مەحکومیان دەکات و ڕەخنەیان ئاراستە دەکات و خەڵکیان لێ وشیار دەکاتەوە.

سۆفی لە فەقر و فاقە وەکو فاقەفاقی دا
تەسبیحی دام و دانەیە ڕیشی دوو فاقی فاق
ل٦٩

ئەمانە هەمووی لە لایەک و لە لایەکەی تری سەیری هەندێ دێڕی تری دەکەین دەبینین ئەو کەرەسانەی لەبەر دەستیدان لە شێوەو ناوەرۆک، بابەتی وا چڕو وێنەی جوان و سیحراوی وای بۆ دنیای پڕ لە جەنجاڵی سۆفیگەری نووسیوە، بە ئاشکرا ئەوە نیشان دەدەن کە نالی ئاگادار و شارەزاییەکی زۆر باشی ئەم بوار و ڕێبازە بووە، بەو دێڕانە شتی وای وروژاندووە و هێناوەتە ناوەوە کە لەو مەیدانەش ئوستادی و لێزانی خۆی مسۆگەر کردووە و بە دەستی هێناوە.

سەریری جونبوشی تەخت و میحەففەی مەحمەلی سەوزی
دەڵێی تەسبیحی مورغانە، لەسەر تەختی سلێمانە
ل١٥٥

ئەگەرنا ئەو دێڕانە قەت نەدەبوو بەو ئاستە بەرز و هونەریانە بگەن.

لە سایەی کوفری زوڵفت دڵ فەنا فیننووری ئیمانە
مەڵێن زوڵمەت خەراپە وەسڵی پەروانە لە شەودایە
ل١١٣

هەر لەو گۆشەنیگایەوە وای لە هەندێک نووسەر کردووە کە نالی بە (سۆفی)(٢) یا (سۆفی مەشرەب) لە قەڵەم بدەن. کە ئەمەش هەڵەیەکی زۆر گەورەیە و هیچ پاساوێک هەڵناگرێت. (لەمەوە دەشێ بیر بۆ ئەوە بڕوا کەوا نالی نەقشبەندی بووبێ نەک قادری)(٣).

وەها سەقیمی موجەززا عەواملی ئەجزا

که ئالەتی عەمەلی نەحوی مەحوی سەحوی زەمیر
ل١٣٩

بەڵگەی باوەڕپێکراو و شـتی ڕاسـتی بەردەست زۆر پێویستە بۆ ئەوەی نووسەرو لێکۆڵەر لەبەر دەستیدا بن و لەبەر ڕۆشنایی ئەوان زانین و زانیارییەکان شی و شرۆڤە بکات، ئەگـەر نا قـسـەی ڕووت زۆرە و دەکـرێ و دروستیش دەکرێ.

یا چەشمەساری خاتیری پڕ فەیزی عاریفە
یەنبووعی نووری دادەڕژێنێ لەکێوی توور
ل١٤١

ئەوەی نالی بیـری لێ نەکـردبێـتـەوە چوونە ژێر باری تەریقـەتە، کـەش و ئاو و هەوای دێڕ و شـیـعـرەکـان، بێ لایەن بوونی لەو ملـمـلانێـیـەی لە شـاری سلێـمـانی و دەوروبەری هەبووە، لە هەمـووان گـرنـگتـر لەبەر دەست نەبوونی هیچ پەڕەو بەڵگەنامـەیەک بۆ ئەم مـەبەسـتـە و هەمـوو لەوانەیە و بیـر بۆ ئەوە دەڕوا و یا لە گـۆتـرە قسەکردن شوێن و مەیدان چۆڵ دەکەن.

خەرقە پۆشی کەی دەپۆشی جەوهەری زاتی ئەمن
بێنێتێ جیلوە پەرستی خۆی بە عوریانی دەکا
ل٥٥

نالی زانا و ڕۆشنبیـرێکی مـەزن بووە، مـوسـڵـمـان و خاوەن بیروباوەڕێکی پتەوی کۆنکرێتی بووە، شاعیرێکی نەفس بەرز و چاونەترسی سـەردەم و قـۆناغی خـۆی بوو. یەکێک نەبووە هەڵپـە و هەوڵی بۆ مـاڵی دنیـا و پلەوپایە بووبێـت، زۆر شـتی پێ قـەبوولْ نەکـراوە. کـە چووە بۆ حەج، ئەوەندە دڵسۆز و پاک بووە دەڵێ:

بەسەرهاتوومە ئەو خاکە کە هەر میسقاڵە زەڕێکی
بە میزانی شەفاعەت کێوی حیلم و بەحری غوفرانە
ل١٥٩

لەو شـوێنە پیـرۆزە نەیوبسـتـووە بە نانی ئەم و ئەو و سـەدەقـە و ڕاتبـە، یا نانێک بخـوا بۆنی مـشـەخـۆری و تەوەزەلی لێ بێت:

لێم حەرامە دانەو و ئاوی حەماماتی حەرەم
من کە بازی دیدەبازم نەک شەوارەی دەستەموێم
تابەکەی وەک ڕاوییە وەک سانییە سێ پەل شکاو
بێ تەواف و سەعیی و عومرە هەر بخەوم و هەر بخۆم
من لەوانەم چی کەوا ئەهلی وەسیلەی مەسئەلەن
عامیل و ناچار و مەعزوور ئەر بڵێن هەر بێنە بۆم
ل٧٣

نانی بێ مننەت و ژینی سـەربەرزی پیـاوی خـۆی دەوێ جا لە هەرکات و سەردەمێک بووبێت، نالیش باش خۆی ناسـیـوە، مـرۆش تا خـۆی نەناسێ لە دەوروبەر ناگـا، بەسانایی خۆی دەدۆڕێنی:

شادمانی بێ وەفایە یاری تێری و مەستییە
یاری تەنگانەم غەمە با هەر غەمی خۆم خۆم بخۆم
ل٧٤

ئەوەتە ئەوەی ناو دڵی بە سـەری زمـانی خـۆی دەیڵێتەوە:

خەوفی من لێرە لە بەر زۆری گوناهە یەک بەسەد
گەرچی عاسی و موزنیبم ئەمما موقیرم و بێ درۆم
ل٧٤

نالی لەو جۆرە کەسانە بووە کە پێش سەردەمەکەی خۆی کـەوتووە، ئەفـراندن و داهێنانەکـانی لە بـواری شـیـعـر و باڵادەستی لە دنیای جوان و ڕەنگاوڕەنگی وشە و لێزانین و شارەزابوونی لە هونەرەکانی ئەو پیشـەیە جۆرە کێش و بەهایەکی تری بە شیـعـری کوردیان بەخشـیـوە کـە چێژ و خۆشییان لێ دەچۆڕێتەوە. نالی لە شیعرەکانیـرا دیارە کە بابایەکی دنیـایی بووە و دنیـاشی زۆر خـۆشـویسـتـووە، هەرچەندە شارەزایانی نالیش دەزانن ئەو مەسافەی نێوان واقیعی ژیان و خەیاڵی شاعیرانەی هەروەکو (ئاسمان و ڕێسمان) بووە.

سۆفیگەری یا فەلسەفەی عیرفان مێژووەکی زۆر کۆنی هەیە، ڕۆڵ و دەوری گـرنگ و فـرە لایەنی زۆر شـوێنی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای دنیـای داگـرتـووە. (ڕاستی ئەوەیە کـە سـۆفـیـگەری ڕەوتێکی فـیکری تاک نیـیـە، بەڵکو کـۆمـەڵێک ڕەوتی فـرە جـۆرو ڕەنگاوڕەنگە)(٤). بۆ سۆفیگەری ئیسلامیش دەڵێن ژیان و گوزەرانی پێغەمبەر (د.) و هاوەڵەکانی، تادەگاتە تابعین لە زوهدو زاهیدیدا سـۆفی ڕاسـتـەقـینە ئاسا ڕۆژیان ئاواکـردووە، پاش ئەو قـۆناغانە وەکو ڕێباز خەڵکانێک لە دەورەی یەک ئالاون و زۆر کەس و کـۆمـەڵە پەیڕەوی یاساو ڕێسا تازەکـانیان

کـردووه. به تەواویش تێکەڵ بە ژیانی هەمـەلایەنەی کـۆمـەڵ کـراوە (هەڵبـەتە مـیـراتی سـەرسـوڕهێنەری سۆفیگەری تەنیا تایبەت بە عیرفان و مەعریفەی ئەم دەستەیە نییە، بۆچوونەکانی سۆفیگەری کاری قوڵی کردۆتە سەر فەرهەنگ و ئاداب و پەندەکان و پەروەردەی موسڵمانەکانی جیهان لەوانە پەرەسەندنی بلاوبوونەی بیـری «قـەناعـەت» و ڕازی بوون و «تەوەککول» و «تەسلیم» بوون کە وایکردووە زۆربەی خەڵکی ڕۆژهەلات هۆگری «خاکساری» دەرویش سیفەتی بن، تاڕادەیەکی زۆر بە میراتی سۆفیگەری دەژمێردێت)(٥).

بە نەهری کەوسەرو شیرو عەسەل چەند تینووە سۆفی لەبی (نالی) دوو چەندان بۆ لەبانی لەعلی موشتاقە

ل٩٧

نالی لە سەردەمانێک و ناوچەیەک ژیاوە لێوانلێو بووە لە ململانێی سیاسی و هەردوو تەریقەتە سەرەکییەکەی سلێمانی، تەریقەتی (قادری، نەقشبەندی) کە بەشێوەیەکی زۆر زەق و ئاشکرا بوونەتە بەشێک لە مێژووی ئەو شارە، ئەمانەو بێ لەو وردە ڕێبازو تەریقەتە بچووکانەو دەسەلاتی بنەماڵە بە تواناکان و کێشمەکێش و ڕاکێشی کەسانی تر. سەرەنجام ئەمانە دەبن بەهۆی ڕاستەخۆ بۆ داتەپینی ژیانی سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی..تاد. شارێکی وەکو سلێمانی کە هێشتا فرچکی نەخواردبوو دەبێ چۆن چۆنی بەری ئەو هەموو ململانێ و ڕکەبەری ئەو هەموو بەرەبابانەی گرتبێ. پاش ئاڵوگۆڕی بەرژەوەندییەکان هەندێ لە وڵاتانی ڕۆژئاوا ویستییان شوێن پێیان لەو ناوچەو دواتر لە کوردستان بکەنەوە. بۆیە ناوە ناوە پیاوانی خۆیان دەنارد ئەو ناوچانە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکانی تریان. هەر لەو سالانە بووە بە هەر ناوێک بووبێت گەڕۆکەکان چوونەتە ئەو شارە تازەیەو بەو شێوەیە باسی شارو خەڵکەکەی دەکەن (تەنگ دەستی و بێ دەرامەتی و هەژاری، کەڵوەو خراپە و پیس و پۆخڵی سەرتاسەری شاری تەنیوە. خانووەکی باشت بەرچاو ناکەوێت. هیچ کەسیش ، جا چ دەوڵەمەندو ناودار بێت، یا خەڵکە ڕەشۆکەکەی ئەوەی ئارەزووی ڕاست و تەواوە نییانە بۆ چاککردنەوە، یا دەست تێوەردانی خانووەکانیان، یا گۆڕینی شێوەکانیان، بۆیە دەبینین هەر کۆڵیتەو لەسەر کەلاوەو خەرابەی کۆنی پێشوو دادەمەزرێ کە لە ناڕێکی و ناتەواوی و ناگوزووری نایەنە وەسفکردن)(٦).

میللەتی بێچارەو بەستەزمانی بێ سەرو سەردار، دوژمنی بە دەسەلات و ستەمکارو فێڵباز شار وێران دەکەن و خانوو، باڵەخانە جوان و نوێکان دەکەنە کەلاوەو شوێن و هێلانەی بایەقووش و کوندەبەبۆ (اسبابی ئەو استیلاو تالانانەو ئەم تأدیبات و تخریباتە بە غیری نفاق و اختلافی بینی امرای بەبە شتێکی تر نەبوو، حرصی حکم و حاکمیت بە نوعی تأثیری تێ کردبوون کە ایتر هیچ غایەیەکی مشترک و قومی یان لە چاوا نەمابوو، و هرکامیکیان کە بە سوقی تصادف و طالع و یا بە جوهری خۆی بهاتایە موقعی حاکمیتەوە، خزم و کسوکاری دەس بەجی لێ ی ئەکەوتنە خو، یالشکری عجم و یا کولەمنیان ئەکردن بکژاو دەریان ئەپەڕاند)(٧). ئەمانە هەڵسوکەوتی میر و دەسەلاتدارانی کورد بن، دەبێ خەڵکی هەژار و ڕەش و ڕووت بە چ کولەمەرگییەک ژیانیان بردبێتە سەر. ئەو مشەوەشییەی بە بەردەوامی سێبەری بەسەر شاردا کوتابێ و ڕۆژانە دووبارە بوونەوەی هەبێت دیارە بەشی دواکەوتنە لە ڕەوتی مێژوو، خۆ نەگونجاندن و بەرگە نەگرتنی ڕووداو و ئاستەنگەکانی سەردەمە. بۆ زیاتر چوونە ناو ڕووداوەکان و نیشاندانی کارەساتەکانی ئەو سەردەم و قۆناغە جەنجاڵ و پڕ لە گرێ کوێرەکان، لەم سەرچاوەیەش ئەم چەند دێڕە وەکو خۆی دەگوازینەوە (هەمیشە دووبەرەکی لەناو بابانەکاندا بووەو تیرەیەکیان پەنایان بردووەتە بەر دەوڵەتی عوسمانی و تیرەیەکی تریان پەنایان بردووەتە بەر دەوڵەتی ئێران و هەرکام سوپای یەکێ لەم دوو دەوڵەتەی هێناوە بۆ سەر خاکی بابان و وێرانی کردووە و خەڵکەکەی تووشی کوشتوبڕ کردووە و ماڵی هەزاران کەس سووتاوە و تاڵان کراوە و ناموسی گەلێ کەس پێشێل کراوە و هیچ میرێکی بابان چوار سالّی بە سەقام گرتوویی نەبردووەتە سەر ژیانی خەڵکەکە مردن هەنگوبنیان ژاری مار بووە)(٨).

ئەگەرچی کوردی دەوری شارەزووری قەسوەتم ئەما وەسیلەم تیبەیی حیلمی شەفیع و فەزلی مەننانە

ل١٥٩

ژیانی سیاسی ڕۆژهەلات بەگشتی و ناوچەکانی کوردەواری خۆمان بەتایبەتی لەو سەردەمانە یەکجار چارەنووسسازبووە، کۆمەڵە بەرژەوەندییەکی جۆراو جۆر لە ڕکەبەری و ملمڵانێیەکی بێ پسانەوەدا بوون، هەریەکەو لەژێرەوەش کاری خۆیان دەکرد بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتەکانیان و بەئەرزدادانی بەرامبەرەکەیان. هەر بۆیە ناوەناوە نەخشەکانی سەر زەوی گۆڕانکارییان تێدەکەوت. دیارە ڕۆژئاواش لەو گۆڕانکاری و ملمڵانێیە دەستێکی باڵای هەبووە، زۆرجار بەئەنقەست دەستی لە کاروباری هەمەلایەنەی ناوچەکان و کوردستانیش وەردەدا، بە بەردەوامی و لەژێر ناو و ناتۆرەی جیاجیا پیاوەکانی خۆی ڕەوانەی ئەو ناوچانە دەکرد بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو ئیش و فەرمانە تایبەتییانەی پێیان سپێردرابوو لە شارەزابوونی ناوچەکان و نەخشەکانیان، هەڵسوکەوت و بیروباوەڕ، بۆچوونەکانیان، پاشان کڕینی ئەم و ئەو بۆ دواڕۆژی چاوەڕوانکراوی خۆیان. لەو سەردەمانەش هەموو هۆکارەکان لەوانەی ڕاستەوخۆ ناڕاستەوخۆن یەکیان گرتبوو بۆ دروست بوونی شەڕو کێشەو ملمڵانێی نێوان هەردوو زلهێزەکەی ناوچەکە (عوسمانی و ئێرانی) لە چلەپۆپەدا بوو، هەریەکە و لە ڕاستە خۆی هێزو دەسەڵاتیان بەم لاو ئەو لادا بڵاودەکردەوە. شەڕ و گێچەڵی ئەو دوولایەنەش هەرلەسەرحسێبی سووتان و تاڵان و کۆژران و تێکدانی کوردستان تەواو دەبوو هەموو ئەو زلهێزانەش بە ئاشکراو بە دزی و لەژێر پەردەوە کاری خۆیان دەکرد بۆ لاواز کردن و دواتر نەهێشتن و سڕینەوەی بەرامبەر و ڕکەبەرەکانیان، بۆئەم مەبەستەش هەموو چەکێکیان بەکاردەهێنا، تا وای لێهات بۆ کورد ئایینی پیرۆزی ئیسلام و بیروباوەڕیش بوون بە هەمان چەک و بەکار خران.

(فاتیحە) تەسخیرە شاری دڵ بە تابووری ئەلەم
موددەتێکی زۆرە پاتەختە لە بۆ خاقانی غەم
حوکمی قانوونی سەفا ڕۆیی لە ڕەوتی ڕوومەدا
تا هووەیدا بوو لە ڕۆما گەردی ئاشووبی عەجەم

ل٧٢

بۆ وەڵام دانەوەی ئێمەو دەمکوت کردنی خەڵکانی تر نالی لە هەمان شیعر بەو دێرە پاساو بۆ خۆی دەهێنێتەوە، هەموو گلەیی و گازاندەیەکیش ڕەت دەکاتەوە.

کەی دەکا شەرح و بەیاناتی ڕوموزی دەردی دڵ
ڕووڕەشی هەروەک دەوات و دووزمانی وەک قەڵەم

تەریقەتی قادریش پایتەخت ئاسا گواستراییەوە بۆ ئەو شارە تازەیەی کە برایم پاشا لە ساڵی (١٧٨٤ز) لە نزیک گوندی مەڵکەندی دروستی کرد و ناوی نا سلێمانی. (بعضی خانوو مزگەوت و حمام و بازارو خانی دروست کرد)، (خلاصە ابراهیم پاشا به دروست کردنی ئەو شارە یادگارێکی باش و بەردەوامی بۆ کورد بەجێ هێشت)(٩). شێخ مارفی نۆدێ (١٧٥٢-١٨٣٨ز)، مەلا و زانا و یەکە پیاوی بنەماڵەی بەرزنجییەکانە و ڕابەری تەریقەتی قادری بووە. شێخ مارف (تەریقەتی قادری لە مامی باوکی واتە شێخ عەلی دۆڵەپەمۆیی وەرگرتبوو، کە ئەویش لە شێخ ئیسماعیل قازانقایی وەرگرتبوو کە لە زاهیدی و خواناسیدا شۆێنی دیارە)(١٠). شێخ مارف بە نووسینی کتێبی بە نرخ و دەرس وتنەوە شوێن پەنجەی دیاربوو لە پێگەیاندنی خوێندەوار و مەلا و زانای ئایینی (گەورەترین خانەوادەی شێخ بە ژمارەو بە دەسەڵاتترینیان ساداتی بەرزنجە یا سەیدەکانی بەرزنجە بوون... خانەوادەی ساداتی بەرزنجە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە ڕابەرایەتی تەریقەتی قادری کردووە لە کوردستانی خواروودا)(١١). شێخ مارف تەمەنێکی درێژی بەسەربردووە (لە ساڵی (١٧٥٢ز) لەدایک بووە،کە لە سەردەمی سلێمان پاشای گەورەی کوڕی خالید پاشای پێنجەمین میرنشینی بابان بووە، لە ساڵی (١٨٣٨ز) کۆچی دوایی کردووە، کە دەکاتە سەرەتای میرنشینی ئەحمەد پاشای کوڕی سلێمان پاشا، واتە سەردەمی دوا میری میرنشینی بابانی بینیوە، بەم پێیە سەردەمی (١٣) ئەمیری دیوە، کە (٢٩) جار میرنیشنییان لە میرنیشنییەکەدا کردووە)(١٢).

مەلا خالید (١٧٧٩-١٨٢٦ز)، کە پاشان بوو بە (مەولانا خالیدی نەقشبەندی). مەولانا جافە و لە تیرەی میکایلییە و لە ناوچەی قەرەداغ لەدایک بووە شیعری بەکوردی و فارسی نووسیوە. مەولانا یەکێک بووە لە زانا گەورەکانی سەردەمی خۆی چۆتە هیندستان و لە خزمەتی شێخ عەبدوڵڵای دەهلەوی و لە سەردەستی

ئەو تەریقەتی نەقشبەندی وەرگرتووە. پاش تەواو بوونی رێوڕەسمی وەرگرتنی تەریقەت (مەولانا ئەکەوێتە رێ بێتەوە کوردستان. شاھ عەبدوڵڵا بەخۆی و مریدەکانی تا ماوەی چوار میل بە رێی ئەکەن و پێشی ئەفەرموێت یەکێ لە ئەولیای گەورە لە شارێ لەم هیندستانەدا هەیە برۆ زیارەتی بکە. کە گەیشتیشتەوە سولەیمانی برۆ زیارەتی ئارامگای حەزرەتی غەوث بکە لەبەغدا)(١٣). ئەوەی لێرە تێبینی دەکرێ لێهاتوویی و زیرەکی مەولانا بووە، کە توانیویەتی بە تەواوی سەرنجی شاھ عەبدوڵڵای دەهلەوی بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و ببێ بە جێی متمانەی ئەو، هەر بۆیە مەولانا هەرچی ویستووە ئەو بە زیادەوە پێی بەخشیوە (ئەنجا شاھ عەبدوڵڵا ئەپرسێت: ئیتر چیت ئەوێ؟ مەولاناش ئەفەرموێ: دینم ئەوێ دنیایشم ئەوێ بۆ بەهێز بوونی دین. شاھ عەبدوڵڵا ئەفەرموێت "برو همه رابشما دادم" واتە: برۆ، وا هەمووێم دایتێ)(١٤). مەولانا بە خۆی و تەریقەتە نوێ کراوەکەی (مجددی) نەقشبەندی لە سالّی (١٨١٠ز) گەڕاوەتەوە سلێمانی و (دەست ئەکا بە ئیرشاد و ڕێگا پێشاندانی موسلّمانان و پیاوانی کارامەو ڕاستی پەرست لە ڕۆژهەلّات و ڕۆژئاوای ولاّتی ئیسلامەوە ڕوو ئەکەنە سولەیمانی بۆ وەرگرتنی تەریقەت لەسەر دەستی مەولانادا و بۆ کەلّک وەرگرتن لە زانست و ڕوحانییەتی)(١٥). ئەم زانیارییانە ئەوە دەسەلمێنن کە سلێمانی و دەوروبەری زەمینەیەکی خۆش بوونە بۆ وەرگرتن و قبوولّ کردنی ئەو تەریقەتە تازەیە و پاشانیش تا هاتووە جوگرافیای جغزەکە بلاّو و فرەوانتر بووە (کەسی تری وەک مەولانا لەناو پیرانی تەریقەتدا هەلّنەکەوتووە ئەو هەموو مەنسووبەی لە ڕیزی مەلا پایەبەرزەکاندا ببێ)(١٦).

تەریقەتی قادری بە ڕابەرایەتی شێخ مارفی نۆدێی لە مێژ بوو ڕەگوڕیشەی لەناو خەلّک و بەم لاو ئەولادا بلاّوببۆوە. سککەو ڕێبازی خۆی وەرگرتبوو، کە مەولاناش بەو گرو تینە، بەو هێزو ئاستە هاتە مەیدان، ئەویش وەکو ڕابەر و تەریقەتی تازە پێویستییان بە تەقینەوەو دەنگدانەوە هەبووە لەوەی لەناو شارو دەوروبەری دەست بە جموجوڵّی خۆیان بکەن و زۆرترین ژمارە لەژێر یاساو ڕێساکانی خۆیان کۆبکەنەوە- شاریش تازە دروست کراوەو بچووکە و هێشتا بای ئەوەندە گەشەی نەکردووە بتوانێ دوو ڕابەر و دوو تەریقەت لەسەر یەک سفرە کۆبکاتەوە - ئەوە بوو ناو و ناوبانگی مەولانا و تەریقەتەکەی وەکو بورکانێکی زۆر بەجۆش تەقینەوە (بەهێزترین زەبر کە خانەوادەی سادات بەرزنجی چێشتبێتی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا بوو و پەیوەندی بە زێدە بوون و گەورە بوونی تەریقەتی نەقشبەندییەوە بووە)(١٧). دیارە ناحەز و دلّڕەش و هەلپەرست و دوژمنانی کوردیش لە خوایان دەوێ هەلی وا بقۆزنەوە، تێکچڕژانی بەرژەوەندییەکان و هەبوونی ئەو زەمینە خۆشەی هەبووە لای ئەو کەسانەی کە لەوانە نەبوون (سوودو قازانجیان لەگەلّ بوونی مەولانادا لە سولەیمانی یەک نەکەوتووە ئەبن بە ناحەزی و دەست ئەکەن بە قسە بلاّوکردنەوە لە دژی گەلێ شتی ناڕەوا و نادروست بە دەمیەوە هەلّئەبەستن و ڕۆژ بە ڕۆژ ئەم جۆرە قسانە ڕوو لە زیادی و زۆر بوون ئەبێ) (١٨). ئەمەو گەلێ شتی تر هەموویان پێکەوە بوون بەهۆی ئەوەی سەر لە بەیانی (٢٥ تشرینی یەکەم، شێخ خالیدی بەناوبانگ هەلاّت و هەلاّتنەکەشی کتوپڕ و بە هێمنی بووە هەر چوار ژنەکانیشی لەگەلّ خۆیدا بردووە و تا ئێستاش نازانرێت ڕووی لەکام لا کردووە پێش چەند ڕۆژێک کوردەکان پلەوپایەی ئەویان بە بەرز و بالاّتر دەزانی لە پلەوپایەی عەبدولقادر "واتە شێخ عەبدولقادری گەیلانی" پاشا بەرامبەری دەوەستاو قەلنەکەی بۆ پڕ دەکرد کە ئەمە " شتێکی زۆر سادە و باو بوو" کەچی ئەمڕۆ بەگاور و گومڕا ناوی دەبەن، قسەو قسەلّۆکەکان دووبارە دەکەنەوە کە باس لە سەرپێچی و بێ باوەڕی و بێ دینی ئەو دەکەن) (١٩). دیارە ئەم سەفەر و دەرچوونەی مەولانا بۆ شاری بەغدا بووە، ماوەیەک لەوێ دەمێنێتەوە و لەوێش نارەحەت دەبێت و بەرەو شام ڕێگا دەگرێتەبەر، پاشماوەیەک لە(١٨٢٦ز) بە نەخۆشی تاعوون گیانی پاکی بەرەو ئاسمان بەرزدەبێتەوە و لە قاسیون دەنێژن.

کە مەیلت بۆ عیبادەت بێ چ فەوقانی چ تەحتانی
کە حوببت بۆ سیادەت بێ چ بەرزنجی چ باراوی

ل١٦٢

ئەو هەموو هەراو کێشمەکێشانە لە شارێکی بچووکی وەکو ئەوسای سلێمانی ڕوویان داوە، کە نالیش وەکو خۆیندەوارو ڕۆشنفکرێک بەشێک بووە لەو ڕووداوانە.

هەر بۆیە ئێمە وای بۆ دەچین نالی لەو ڕووداوانەی شارو دەوروبەری سەردەمی خۆی بێ ئاگاو کەنارگیر نەبووە، بە چاوێکی تیژ تەماشاو بە بیرێکی وردو کراوە هەڵگێڕو وەرگێڕی ڕووداوو بەسەرهاتە گەورە بچووکەکانی کردووە.

گوێی بۆ زۆر شت و بابەت شل کردووە و بە چاویش ئەوەی بینیوە دواتر زۆر وردو لێزانانە باشیانی دەورکردوونەتەوە. ئیشارەو هێما بۆ ئەم بابەتانە لە دێرە شیعرەکانی یەکجار زۆرە، بەڵام هێشتا سیحرو تەلیسمی ئەو دێڕانە نەشکاون و نە بەتاڵیش کراون، هەندێ دێڕ نەبێت کە زۆر بە زەقی واتاو گوزارەکانیان دیارو ئاشکران، ئەگەرنا ئەوانی تر زۆر سرکن و هەر ئاوا بە سانایی دەستەمۆ نابن.

ئایا هەست و نەستی نالی، یا دڵ و دەروونی پڕ نەبوون لەو کارەساتە دڵ تەزێنانەی لە سەردەمی ئەو ڕوویانداوە؟ ئەو کارەساتانەی هیچ ویژدانێک پێی قبوڵ ناکرێت، کە هۆش و بیر دەتاسێنن و دڵ و دەروونیش دەتوێننەوە لە زۆر دێڕەکانیدا هەر ئەو واقیعە تاڵانە دووبارەو بە شێوەی تر بە ڕتووشکراوی وێنەو ڕەسمیان کێشراوە (بابەتی ئەدەب جیهانە، واتە پەیوەندی مرۆڤ بە مرۆڤەوە، یا پەیوەندی مرۆڤ بە دەوروبەری کۆمەڵایەتی و مێژوویی و بابەتییە، بابەتی ڕەخنەش دیسان هەر مرۆڤە. چونکە هەر دەقێکی ئەدەبی وەربگریت وێنەی هەمان مرۆڤ لەناو دەقە ئەدەبییەکە کێشراوە)(٢٠).

به زاهیر شادمانیمه لهبهر کهثی ههموو دهردان
که (نالی) گهر بنالێنێ ئهمیش نهشئهو سوروورێکه
ل٩٨

ئەو زانین و زانیارییانەی نالی لەمەڕ دەروێشی و سۆفیگەری بە دەستی هێناوەو هەیبووە، پاشان وەک بابەتی شیعری لە دێڕەکان تەوزیفی کردوون لە سێ سەرچاوەوە هەڵقوڵاون و وەرگیراون:

١- شاری سلێمانی: نالی هەر لە منداڵییەوە گوێچکەکانی پڕ بوون لە وشەو زاراوەی وەک: قادری، نەقشی، شێخ، بەرزنجە، مەولانا، دەروێش، سۆفی، تەکیە، خانەقا، تەریقەت، تۆبە، عاریف، سالیک، خەڵوە، زیکر، حەڵقە. بێ لەو باس و سەرگوزشتەو حەقایەتانەی باس لە غەیبیات و کەرامەت و بەهەشت و دۆزەخ و گەورە پیاوانی ئەو بوارانە دەکەن، پێشتر لە زێدی بوونی دواتر لەو گەڕان و سوورانەی وەکو فەقێیەک ئەم مزگەفت و ئەو مزگەفتی کردووە، تا ئەوەی لە شاری سلێمانی گیرساوەتەوە.

سەیرێکی خۆش لە چیمەنی نێو خانەقا بکە
ئایا ڕەبیعی ئاهووە یا چایەری سوتوور
مەیلێ بکە بە سەوزە درەختانی مەدرەسە
ئەوراقییان موقەددیەی شینە یانە سوور
ل١٤٣

ئەو کاتە و ماوە نادیارەی ژیانی نالی لە سلێمانی و بەتایبەتی ئەو ڕۆژانەی لە خانەقاکەی مەولانای بەسەربردووە، دوو لایەنی گرنگمان بۆ ڕوون دەکەنەوە.

لایەنی یەکەم: لە نزیکەوە ئاگادارو شارەزا بوونی ڕەوتی سۆفیگەری. ئەویش چ بە خوێندنەوە بێت، یا بە بینین و بیستن کە ئەمانە بوون بەو زەخیرە زۆرە وەکو زانیاری لەو دنیایە لەلای کەڵەکە بوو بوو، گفتوگۆو لێکدانەوەو لەسەر وەستانی ئەم بابەتە ڕەنگدانەوەی ئەو کۆڕو کۆبوونەوانەن کە لە بۆنە گشتی و تایبەتییەکاندا ڕۆژانە و بە بەردەوامی لە تەکیە و خانەقاکاندا ئەنجام دەدران پەیوەندی ڕاستەخۆیان بەو ڕێوڕەسمانە هەبووە لە وێرد و دوعا خوێندن، حەڵقەی زیکر و تەهلیلە، خەڵوەکردن و.... تاد. ئەو سەردەمانە شاری سلێمانی پڕ بووە لەو جموجۆڵانە و خەڵکانێکیش لە هەموو لایەکەوە ڕوویان تێکردووە، کە ئەمانەش زەمینەیان خۆش کردووە لە ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕاکان و سەقامگیر بوونیان.

لایەنی دووەم: نالی لەنزیکەوەو بەچاوی خۆی هەموو ئەو کێشەو ململانێ و ڕکەبەرییەی بینیوە کە لە نێوان هەردوو تەریقەتە سەرەکییەکە دەمێک بوو ڕەگوڕیشەیان داکوتابوو.

٢- خوێندنەوەی ئەو دەستنووس و کتێب و نامەو بابەتانەی لەسەر سۆفیگەری یا فەلسەفەی عیرفان نووسراون، کە باس لە ژیان و مێژوو، یا خاڵە گرنگەکانی ئەو ناوانە دەکەن کە بوونەتە ڕەمزو هێمای پرشنگدار بۆ

ئەو ڕێبازانە، بەتایبەتیش ئەو خاڵانەی کە بە خودی تەریقەتەوە بەندن لە کەرامەت و حاڵ و مەقامەکان و ... تاد.

خوێندنی حوجرەو گفتوگۆی کۆڕی شەوانە و گەشت و گەڕانی فەقێ و موستەعیدەکانی ئەو سەردەمە ڕۆڵێکی باشیان بینیوە بۆ زیاتر شارەزا بوون و دەست خستنی زانیاری لەم بوارەدا، کە ئەو کاتانە خانەقاو تەکیەکان پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە کۆمەڵانی خەڵکەوە هەبووەو زۆر لە گۆڕانکارییەکان و بڕیارە گرنگەکان هەر لەو شوێنانە دەردەچوون و کاریان پێدەکرا. خوێندنەوەی سەرچاوەکانی سۆفیگەریش هەردوو ڕووەکەی گرتۆتەوە، واتە ئەو نووسینانەی لەسەری نووسراون و ئەوانەی لە دژی.

٣- نالی چ وەک خوێندەوارو ڕۆشنبیری سەردەمەکەی، یا چ وەکو شاعیرێک ئاگاداری دنیای شاعیران و بەرهەمەکانیان بووە. جا چ شاعیرانی کوردستان بن یاخود دەرەوەی، بەتایبەتیش شاعیرانی فارس، ئەدەبیاتی زمانی فارسی دەمێکە بەشێک بووە لەو پرۆگرامەی کە مێژوویەکی زۆرکۆنی لە ڕەوت و یاسای خوێندنی حوجرە تۆمار کردووە، ئەو منداڵە کوردەی لەبەر خوێندن دادەنرا پاش ماوەیەک کە فێرە خوێندن دەبوو، چوار یا پێنج جزمی تەواو دەکرد، مامۆستاکەی (قورئانی ئەدا بەدەستەوە، کە لە قورئان ئەبووەوە کتێبی وردەڵەی وەکو "سمایل نامە"و "ناگهان"، "ای شدە"، "ڕۆڵە بزانی" بۆ ئەنووسیەوەو ئەیدایە.کە لە ئەمانە ئەبووەوە کتێبی "گلستان" و "بوستان"ی ئەدایە. بەم جۆرە فێری قورئان و فارسی و هەندێ کوردی ئەبوو) (٢١). بڕینی ئەو قۆناغانەی خوێندن، یا بە خاوەن بوونی ئەو هەموو زانیاری و زانست و ڕۆشنبیرییەش دیارە کاتێکی زۆری ویستووە، بۆ (تەواوکردنی خوێندن و بە دەست هێنانی بڕوانامەی زانستی دەبا قوتابی کورد لە بیست ساڵ زیاتر لە نێوان قوتابخانەکاندا بسووڕێتەوە) (٢٢). نیشاندانی شێوازی خوێندنی کۆنی حوجرەو تەواوکردنی هەر بۆ ئەوە بوو بزانین زمانی عەرەبی و فارسی زانینەکەی نالی سەرەتاو بناغەیەکی یەکجار پتەوی هەبووە، هەر بەو ڕێگایە ئەدەبیات و بەتایبەتیش شیعری هەردوو نەتەوەکەی هەرس کردووەو بە تێگەیشتنەوە دەوریانی کردۆتەوە. لەژێر هەر کاریگەرییەکەوە بێت. سەرەنجام گەیشتووە بەو تەنزو توانج و گلەییانەی لە ڕووە تاریک و ناڕێکەکانی ژیانی شێخ و سۆفی و دەرویش و زاهیدو واعیز کراوە، هەر لەبەر ئەوەی هەندێک لەمانە ناوە ناوە، یا بە بەردەوامی ڕێباز و تەریقەتەکانیان، یا شوێن و ناونیشانەکانیان بۆ بەرژەوەندی تاکە کەسی و کەیف و سەیفی خۆشی ژیان و گوزەرانی خۆیان بەکارهێناوە بەرامبەر بە چەواشە کردن و لە خشتەبردن و چەوساندنەوەی خەڵکی ڕەش و ڕووت و هەژاری ناو کۆمەڵ.

ئەم کارە کرێتانەی ئەمان لای شاعیران قووت نەدراوە، زۆر بە چاکی باس کراوە، هەموو لایەنەکانیان شرۆڤە کردووەو پێش چاویشیان خستووە، زۆر جارانیش کارو سیفەتەکانیان ڕازاندراوەتەوەو ڕەنگاوڕەنگ کراوە، ئینجا وەکو وێنەیەکی هونەری فۆتۆگرافی نیشان دراون. ئەم هەڵسوکەوتانەی ئەمان وەکو بنێشتە خۆشەی ژێر ددانیان لێهاتووە بەتایبەتیش لە ئەدەبیاتی فارسی و دیوانە شیعرەکانیان ئەو گلەیی و گازاندانە و بە خراپ باسکردنیان زۆر باو و گشتی بووە، ئەو جۆرە شیعرانەش لە کۆڕو کۆبوونەوە تایبەتییەکان خوێندراونەتەوەو دەمەتەقەو گفتوگۆشیان لەسەر کراوە. لە بابەت وێنەی هونەری شیعری، یا بەکارهێنانی زاراوە، زۆری بۆ گوتراوە، لەبەر ئەو ماوە درێژ و بەردەوامەی هەیەتی، لێکیشیان خواستووە یا وەرگیراون. ئەوەی لێرە تێبینی دەکرێ ئەم کارانەش جار جارە وەکو لاسایی کردنەوەو تەقلیدێک، یا چاولێکەری لەنێوان شاعیراندا پەیڕەو کراوە.

ئەم بەرەنگار بوونەوە و هەڵوێست وەرگرتنە بەرامبەر بە کەسانێکی خۆپەرست و مشەخۆر دەمێکە لە دنیای شیعرو شاعیریدا بەڕێوەچووە، نالیش وەک هەر شاعیرێکی خاوەن پەیام توانیویەتی پەنجەی لەسەر برین و دەردە کۆمەڵایەتییەکان دابنێ و وەکو حەکیمێکیش بۆ چارەسەری هەوڵی بەردەوامی داوە. بە تەنزو وێنەی کاریکاتێری توانج و بەردەپلووکە و تەعلیقەکانی خۆی تۆمار کردووە، ئەوەی ویستوویەتی بیڵێ بەبێ ترس هەمووی ڕاگەیاندووەو لە دێڕە شیعرەکانی ڕەنگیان داوەتەوە.

سۆفی کە گرانبارە، بێ مەغزو سەبوکبارە

سووف پۆشی غەمی بارە، ئەو باری لەکن پەشمە

ل١٠١

ئەوەی لە شیعرە دەرویشیزمەکانی نالی تێبینی دەکرێ، ئەو هەر بەگشتی کارو سیفەتە خراپەکانی دەرویشی ڕەتکردۆتەوە. باسی لە شتە پەیوەندارەکانی ئەو بواڕە کردووە کە ئەو بە چاوو بیری تیژەوە تێیان ڕاماوەو ڕاست و چەوت، باش و خراپ، تەواوو ناتەواو لێک هەڵبوێرێ. ئەویش یەکەم شاعیرە لە وڵاتی سلێمانی بەو گرو تینە بێتە مەیدان، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەبینین (بەناو) ناوی هیچ کەس و بنەماڵەو لایەنێکی بە ئاشکرا نەهێناوەو بە هیچ جۆر پەنجەی بۆ درێژ نەکردوون و هیچ هێمایەکیشیان ئاراستە نەکراوە. واتە ئەو هەر بەگشتی ناوە گشتییەکانی هێناوەو بەس.

ئەی واعیزی بارید چییە هەر وەک هەرەسی کێو
بەو وەعزە کە بایە هەموو هاتوویی بەسەرما

ل١٠٥

ئێمە ئەو جۆرە ناو هێنانە بەهۆیەکی سەرەکی دەزانین، کە شاعیرانی کوردو بیانی هەر لەبەر خاتری ئەو گشتگیرییە ئەم کارەیان لێ قبوول کراوە، ئەگەرنا وەک دەڵێن، کار لەکار دەترازاو ئەو ململانێیەی نێوان ئەوان و شاعیران جۆرە ڕێچکەیەکی تری بەخۆوە دەگرت. هەر لەو ڕووەوە چاوپۆشیش لە نالی کراوە لەوەی بە دێرە شیعرەکانی دەری بڕیون، ئەوانیش بای ئەوەندەی دەسەڵات و هێزیان هەبووە بتوانن ڕاستەو ڕاست وەڵام و بەرپەرچی هەر شاعیرێک بدەنەوە. بە پێچەوانەی ئەم هەڵوێستانە دەبوو شاعیر (خۆی باوێتە سەر چەقۆ) وەک ئەوەی حاجی قادری کۆیی کردی، حاجی بەناوهێنان هەڵوێستی خۆی دەربڕی و بە زیادەوەش پێی لەسەر داگرت، لە سەنگەری دژ وەستاو ئەوەی ئەو کردی هەر ئەو بیکا، شیعرەکانی باشترین نموونەن گەواهی بدەن لەو ڕووەوە.

پێی دەڵێن حیلەبازو کەززابە
شێخ (نەبی) خاریجە لە ئەم بابە
خانەقاو شێخ و تەکیەکان یەکسەر
پێم بڵێن: نەفعیان چیە ئاخر

لە شوێنێکی تریش حاجی دەڵێ:

لە عەهدی کەر (نەبی) تا دەوری (گا کوێر)
لەگوێی گا نووستوون زۆر حەیفە بۆ شێر (٢٣)

سەرەنجام حاجی قادر گومرگی ئەو ناوهێنانەی دا بەوەی ژیان لە غوربەت و دووره وڵاتی بەسەر بباو پاشانیش هەر لەوێ سەربنێتەوە. هەبوون و دروست بوونی ئەو دووڕیانییەی نێوان شەریعەت و تەریقەتیش هەمان شتە. دەتوانین بۆ ئەو خۆکڕکردن و بێدەنگی و چاوپۆشییەی بگەڕێنینەوە، ئەمەش خاڵێکی گرنگەو ناشێ فەرامۆش بکرێ.

بێ مەعریفەت مەبە لە تەریقی حەقیقەتا
سەر مەنزیلی شەریعەتە جێگەی سەلامەتی(٢٤)

ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی تاکە بوارو پردە لەنێوان نووسەرو بەرامبەرەکەی (گوێگر، خوێنەر) کە بە شێوازی پتەوو ئاهەنگی خۆش، ترپەو ئاوازی ڕەنگاو ڕەنگ بتوانێ گڕی سۆزو خەون و خەیاڵی بەرزەفڕ لە بیرێکی جوان و قەشەنگ لێواولێوبێت لە کارە دژو دژوارو نامۆکانی ڕۆژانەو لە بەرگێکی تازە پێشکێش بەکۆمەڵ و دەوروبەری بکاتەوە، جۆرێکیش لە تێکەڵبوون و توانەوە دروست دەبێ بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت نەمری و جاویدانی لێ بە دەست دێت، کە ئەویش بەشێکە لەو نەمرییە بەردەوامەی کە نووسەر یا شاعیرەکە پێی گەیشتووە، ئەو نەمرییەش ئەو مرۆڤە لە باوەش دەگرێت کە بتوانێ پەیام و عیشق و پەیوەندییە ڕۆحییەکانی ناو کۆمەڵ پڕو لێواو لێوکات بە ڕەگەزە سەرەکییەکانی خودی ئەدەب لە سۆز و ئەندێشە، بیرو شێوە.

زاهیرو باتین لەسەر لەوحی حەقیقەت یا مەجاز
ئاشنای سرری قەڵەم بێ غەیری (نالی) کەس نەما

ل٤٣

تەواو بوو ئینتیخابی شیعری (نالی)
لە تازەو کۆنە هەرچی بووبێ نووسیم

ل٧٥

نالی و سۆفیگەری

د. عەبدوڵلا خدر مەولوود
(زانکۆی سەڵاحەدین - کۆلێژی پەروەردە)

«پاک بوونەوە گاڵتە نییە، هەر بە قسە نابێ و گومرگی خۆی دەوێ»

(٢ - ٢)

دەرویشی و سۆفیگەری و نالی

ئەو ناوانەی نالی بە باشە باسیان ناکاو گلەییان لێدەکا لە دیوانە چاپکراوەکان و نووسینی تر لێکدراونەتەوە و شیکراونەتەوە. بۆیە ئێمە ڕێگایەکی ترمان گرتووە بۆ ئەوەی بە شێوازێکی جیا لەوان بتوانین دوو قسان لەو بابەتە بکەین، پێشتر بە ژمارە باس لەو دێڕانە کراوەو هەموو ئەو دێڕانە کۆمەڵ کۆمەڵ لەژێر چەند ناونیشانێک پۆلێن کراون، کە زیاتر باس لە هێڵە گشتییەکان کراوەو تاک تاکی دێڕەکانیش وەک نموونە نیشان دراون.

١- ڕیا و ڕیاکاری:
(نالی) کە ویقاری نییە بێ باکە لە خەڵقی
سۆفی کە سلووکێکی هەیە عوجب و ڕیایە
ل١١١

ڕیا وشەیەکەو لە (ریاڕ)ەوە هاتووە، زۆر جار لە قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د)دا هاتووە. گوناحێکی گەورەیەو لەگەڵ بیروباوەڕی تەواو کۆنابێتەوە. ڕیا واتە هەر ئیشێکی چاک و باش بکەی، بەڵام بۆ باری تەعالا نەبێت، دیارە نالی زۆر بێزو قێزی لە ڕیاو هاوواتاکانی بۆتەوەو بۆیە زۆر جار بەکاری هێناوە.

ڕیشەکەی پان و درێژە بۆ ڕیا خزمەت دەکا
زاهیرە هەر کەس لە تووڵ و عەرزی ڕیشی دا ڕیا
ل٤٣

وشەی ڕیا پێنج جار لە قورئان هاتووە "لە سوورەتی (بەقەرە)، ئایەتی (٢٦٤)، (نساء) ئایەتەکانی (٣٨، ١٤٢)، (ئەنفال) ئایەتی (٤٧)، (ماعون)، ئایەتی (٦)(٢٥).

(والذین ینفقون اموالهم ریاء الناس ولا یؤمنون بالله ولا بالیوم الاخر). لە فەرموودەکانی پێغەمبەریش (د) زۆرجار باس لەڕیا و ڕیاکاران کراوە: (لا یقبل الله عملا فیه مثقال حبة من خردل من ریاء)(٢٦).

خاتری زاهید و خاڵی خاڵی
نییە ئەلبەتە لە بێنێکی ڕیا
ل٥٢

نیشانەکانی ڕیا لەو کارانە ڕەنگ دەدەنەوە کە لە دەروونێکی نەخۆش و دڵی ڕەشەوە هەڵدەقوڵێن و ئەنجامەکەشی بۆ خۆپەرستی دەگەڕێتەوە. لە فەرموودەی تر بە (شرکی بچووک) ناوبراوە. ڕیاو عیشق و ڕیا و دڵسۆزی پێکەوە کۆنابنەوە. ئەوانەی چاکەی بە درۆ دەکەن، یا خۆیان وا نیشانی ئەم و ئەو دەدەن کە خواناس و لە خواترسن، لە پاڵ ئەمانە بەرژەندییەکانی خۆیان بەڕێوە دەبن، نالی پەردەی لەڕووی ئەمانە هەڵماڵیوەو دەموچاو و ڕووی ڕاستی ئەوانەمان نیشان دەدا.

خۆشتره عوزری گونەهکاران له سەد زیکری ڕیا
ئەو به نەرمی عەفوە عەفوە ئەم بەتوندی عەفعەفە
ل٩٦

لە دوو دێڕو وێنەی شیعری تر وشەی ڕیا بەکارهاتوون (١١٠-١)،(١١٦-٨). ئەڵبەتە جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان ئەو کارو کردەوانەی بۆ ڕەزامەندی خوای گەورە کراوە، لەگەڵ ئەوانەی بۆ ئافەرین و پاشان لە خشتەبردنی خەڵک ئەنجام دراوە. هاوواتاکانی ڕیاش زۆرن و لە فەرهەنگەکانیش ئیشارەیان پێکراوە، هەندێکیان وەک موتەرادیف لە شوێنی ڕیا بەکار هاتوون(٢٧). لەوانە: نیفاق، زەرق، سالوس، تەڕدەستی، تەزویر و .. ئەوانی تر. نالیش زۆربەی ئەوهاوواتایانەی بەکارهێناوە، دوو نموونە دەهێنینەوە:

ئیزهاری ئیددیعای تەسەببور لە وەسڵی تۆ
یا مەکرە یا دەسیسەیە یا کیزبە یا نیفاق
ل٦٨

ئەوەی تێبینی دەکرێ نالی لەو دێرە چوار شتی زۆر عەجایب و ناقۆڵای پێکەوە گرێداوە (مەکرو دەسیسە، کیزب و نیفاق) کە بە ڕاستی لێک دەوەشێنەوە. سیفەتێک لەو سیفەتانە هیچ و پووچی خاونەکەی نیشان دەدا، ئەگەر یەکێک هەر چوارسیفەتەکانی تێدا کۆببێتەوە چ دەعبایەکی ناشیرینی لێ ئیجاد دەبێت، لەو دێرە نیفاق واتە دووڕوو، لەسەرەوە ڕەنگێک و لەژێرەوەش ڕەنگێکی تر، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ واتاکەی پڕ بە پێستی ڕیایە.

نەرم و زەرقی فیرقەیی سالووسیان
شاهیدی زووره زمانی لووسیان
ل٨١

نالی لەو دێرە زەرق و ساڵووسی بەکارهێناوە، کە هەردووکیان هاوواتای وشەی ڕیان. لە نالی (دیوان) و لاپەڕە (٣٢٥) وا نووسراوە: (زەرق: ئارایش و ڕەنگاوڕەنگی) لە شەرحەکەش بە (جوان) لێکدراوەتەوە. ڕەنگاوڕەنگی وشەی (زەرق) بۆ ئارایش و جوانی بەکار نەهاتووە، لەو دێرە واتای دووڕوویی و ڕیاکاری هەیە، واتە بەپێی بەرژەوەندییەکان ڕەنگی خۆی دەگۆڕێ. نەرم و زووریش دژیەکن ئەگەر بێتوو (زوور) وەکو وشەیەکی کوردی بخوێندرێتەوە. لە زۆر شوێنی دیوانەکە نالی ئەو سیفەتانە ڕیسوا دەکاو بە چاوێکی سووک و نزم تێیان دەڕوانێ و ناویان دەهێنێ، ڕەتکردنەوەی ئەوسیفەتانە پیاوەتی و مەردایەتی و ڕەوشتی بەرزی نالی نیشان دەدەن:

یەک ڕەنگم و بێ ڕەنگم و ڕەنگین بە هەمور ڕەنگ
بەم ڕەنگە دەبێ ڕەنگ ڕەژی عیشقی حەقیقی

ل١٢١

٢- وشک بوونەوە، یا بێبەش بوون لە دنیای عیشق:

ئێستەش سریشکی عیشقی هەیە شیوی ئاودار
یاخۆ بووە بە سۆفی یی وشکی لە حەق دوور

ل١٤٣

عیشق خەڵاتی خودای دڵۆقانە بۆ بەندە نزیکەکانی خۆی، سەرچاوەکەی زۆر پاک و بێگەردە، هەر بۆیە گڕو گڵپەیەکە نە دووکەڵی هەیەو نە خۆڵەمێش، ئەوانەی بە ئاگری عیشق سووتاون ئێستاش گۆڕو مەزاریان بۆ تەبەڕوک و پیرۆزی سەردان دەکرێن. عیشق بە دڵەوە پەیوەست و پەیوەنداڕە کە ئەویش شوێنی بیروباوەڕو ئیمانە.

لە دڵدا ئاتەشی عیشقت بڵێسەی میسلی تەندوورە
شەتی ئەشکم نەبێ مانیع دەسوتێم دەبە کۆی نوورە

ل٩٤

عیشق کانییەکە بوون و هەبوونی لەبەر دەڕوات و ژیانیش ڕێک دەخات و بەڕێوەی دەبات، مرۆڤ و سروشت و دەوروبەر جوان و قەشەنگ و ڕەنگاو ڕەنگ دەکات. تیشک و بروسکەکانی بە بەردەوامی لەگەڵ هێزی تاریکی و بێچووە شەیتان و ئەهریمەنەکان لە ململانێیەکی بێ پسانەوەدایە هەر عیشقی پیرۆزیشە سەرەنجام بتوانێ تاڵە ئاوڕیشمەکان بدۆزێتەوە، ئەو تاڵە ئاوریشمە زەڕبافتانەی سەرێکیان لە عەردەو ئەوی تریان لە کەشکەشانی مەلەکووت دایە.

سەماع و گەردشی عیشقە حەقیقەت
لە سۆفی و ڕەقس و تەقلیدی نەما باس

ل٦٦

هەر چەندە وشەی عیشق لە قورئانی پیرۆز نەهاتووە، بەڵام وشەو هاوواتاکانی وەک (هەوا)، (ود)، (حوب) بە زۆر شێوە بەکارهاتوون، وشەی (حب) بە (٢٢) قاڵب و شێوەی جیا بەکارهاتووە، (قل ان کنتم تحبون الله فأتبعوني يحببكم الله ويغفر لكم ذنوبكم والله غفور رحيم) واتە(بێژە: ئێوە ئەگەر خوداتان خۆش دەوێ، شوێن من کەون هەتا خوداش خۆشی بوێن و لە گوناهانیش و ببووڕێ. دیارە خودا خەتابەخش و دلۆڤانە)(٢٩). لە شوێنێکی تریش دەفەرموێ: (فسوف يأتي الله بقوم يحبهم ويحبونه اذلة على المؤمنين...) واتە: (خوا لەمەولا کۆمەڵێ وا دەخاتە ڕوو. خۆشی بوێن، ئەوانیش خوایان خۆش بوێ و لە حاندی خاوەن باوەڕان نەرم و نیان دەبزوونەوە. ...)(٣٠).

هەمان شت لە فەرموودەکانی پێغەمبەریش (د) وشەی (حوب) زۆر بەکارهاتووەو دوو نموونەمان لە فەرموودەکانی قودسی وەرگرتووە: (كنت كنزا مخفيا فأحببت ان اعرف، فخلقت الخلق ليعرفوني) واتە (گەنجینەو خەزێنەیەکی شاراوە بووم و ویستم بناسرێم، خەڵکم دروست کرد هەر بۆ ئەوەی بناسرێم). لە فەرموودەیەکی تریش دەفەرموێ: (المتحابون في الله في ظل العرش يوم لاظل الا ظله، يغبطهم بمكانهم النبيون والشهداء)(٣١) واتە (ئەوانەی تەنیا بۆ خودا یەکتریان خۆش بوێت لەژێر سێبەری عەرشی خودا دادەبن لەو ڕۆژەی کە هیچ سێبەرێک نییە تەنیا ئەو سێبەرە نەبێت، پێغەمبەرەکان و شەهیدان خۆزگە بەو شوێنە دەخوازن).

هەر بۆیە دەتوانین بڵێین دروست بوونی ئەو چەرخ و گەردوونە سەرچاوەکەی لە عیشقەوە هەڵقوڵاوە. دەرویش و موریدانی دنیای عیشق دڵ و دەروون بێگەردو دەست و داوێن پاکن. عاشق لە مەعشوقەکەی بترازێ شتێکی تری گەرەک نییە. لە بازاڕی عیشقدا زەرەرمەندو دۆڕاو نییە. مردنیش لە کووچەو کۆڵان و دەربوونەکانیدا جاویدانی و نەمری لێ وەدەست دێت عیشق نەک هەر

وەلامی ئەو پرسیارە ئالۆز و گرانانە دەداتەوە، بەڵکو هەموو (تەنگ و چەڵەمە و ئاستەنگەکان، یا شتە دژوارو تەمومژاوییەکانی هۆشیش ڕاڤە دەکات)(٣٢) . ئەو لەگەڵ بابەت و شتێک کۆنابێتەوە کە لە ئاست و نرخ و بەهای ئەودا نەبێت، بۆیە دەڵێن: (عیشق لەگەڵ زوهدو ڕیاو پیشە کۆنابێتەوە)(٣٣).

ئەم چەند دێڕە شتێکیان لە گەورەیی و پیرۆزی عیشق نیشان دا، کە سەد لە سەد دژی سەرە بابەتەکەن، بەڵام ئەگەر هەموو ئەوانە پێچەوانە بکەینەوە بە ڕووەکەی تری بە هەمان ئامانج دەگەینەوە، وەک ئەوەی لە دژی تاڵی زۆر باسی خۆشی و بەلەزەتی شیرینی بکرێ.

فەسڵێ کە هەر لە فەرقی بەشەر تا ڕەگی شەجەر
وشکی بەغەیری سۆفی و عەسا نەمایەوە

ل١٠٩

لەبەر ئەوەی نالی نموونەی زۆرە بۆ ئەم بابەتە ئێمە تەنیا ژمارەی لاپەڕە و دێڕەکان دەنووسینەوە(*).

٣- دنیا پەرستی:

وەک سۆفیی سافی مەبە ئالووده بە دونیا
بێ هووده موکەددەر مەکە سەرچاوەیی مەشرەب

ل٥٧

ئەگەر سەیرێکی ئەو دێڕە شیعرانە بکەین کە بۆ دنیا وتراون، یا وشەی دنیایان تێدا بەکار هاتووە، دەبینین ئەوەی نالی بە حاڵی دنیای کردووە، وەک دەڵێن: (سەرما بە هەتیو و با بە دەواری شڕی ناکا) بە چاوێکی یەکجار نزم و زۆر بەبێ قیمەت تەماشای دنیای کردووە، ناو و سیفەتی وای بەدنیا داوە کە بەڕاستی ڕەنگدانەوەی ئەو بیروباوەڕو سۆزو هەڵاوە گڕگرتووەیە کە لە ناخ و دەروونی شاعیر هەڵقوڵاوە.

لەزەتی دونیا کە هیچ و پووچە لای ئەهلی ئەدەب
ئەووەل و ئاغازی جەورو دەردە، ئەنجامی ستەم

ل٧٢

ئێمە ئەو ملمڵانێیەی نالی و دنیا بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێنینەوە:

١- کاریگەری ئایینی.

٢- هۆکاری خود و کەسیەتی.

نالی دەڵێ:

قەدری من چەندە لەلای دەوڵەتی دونیایی دەنی
قەدری ئەو کەمتر و هەردوو لە غەمی یەکدی غەنی

ل١٥٩

دیارە نالی سەر لەبەری دنیای ڕەفز و ڕەت کردۆتەوە، تەنیا ئەو هێڵە باریکە نەبێت کە لە ڕێگایەوە بتوانێت بیروباوەڕ و پەیامەکەی بە دەوروبەر بگەیەنێ، ئەوانەی بە تەواوی پشت لە دنیا دەکەن و هیچ ئیعتیبارێکی بۆ ناهێڵنەوە ئەو کەسانەن کە هەموو خۆشی و بەرژەوەندییەکانیان وەلا ناوەو هەر بۆ ئەوە دەژین شادی و سەرفرازی بە خەڵکی تر بدەن. بۆ ئەم بابەتە نموونە زۆرە (١٠٠-٥)، (١١٨-٣)، (١٣٠-١)، (١٥٩-٨)، (١٦١-١١).. تاد. زۆرانبازی و ڕکەبەری نێوان نالی و دنیا گەیشتۆتە پلەیەک هەموو تاڵە مووەکان پساون و شەرمیشیان لێک شکاوە، بابزانین نالی چی بە دنیا دەڵێ:

هەر دەمە فەرشی کەسێکی کەیە بێ مەهر و نیکاح
دوور لە چاکان چ عەجەب فاحیشە دونیایێکە

ل٩٩

نالی لەو دێڕە هیچ بۆ دنیا ناهێڵێتەوە لە دوو لاوە دەستەکانی خاڵی دەکا، یەکەم: تێکەڵ بوون و نەبوونی (مەهر و نیکاح) بە ناشەرعی و یاساغی نیشان داوە، دووەمیش: ناوی (چاکان)ی هێناوەو لەو دنیایەی بردوونەتە دەرێ، ئەوانیش (چاکان) هەر دوو ڕەگەزەکە بەخۆ دەگرێ چ مێ بێت یاخود نێر، لە شوێنانی ئاوەها وردەکاری و گەورەیی نالی بەدەردەکەون کە چ تواناو دەسەڵاتی بەسەر وشەدا شکاوە.

نالی لەو کارو پیشەیەی هەیبووە زۆر ورد بووە، لە شیعرەکانیشڕا دیارە کە خاوەن بیرو باوەڕو ئیمانێکی پتەو بووە، بەپێی ئەو گۆتەو پەندەی کە دەڵێ (دوژمنی دوژمنم دۆستمە) ئیشی خۆی کردووە، پاشان ئەو هاوکێشە بەلایەن و ڕووەکەی تری وەردەگرێ و هەمدیسان بەرامبەری دەوەستێ و پەنجەی نارازی بوون و دواتر گەف و هەڕەشەو ئینجا قسەو شەڕی خۆی دەکا. هاوکێشەکە لای ئەو دەبێت بە (دۆستی دوژمنم، دوژمنمە). بۆیە چەندی ڕق لە دنیا بووە ئەوەندەو بەڵکو زیاتریش ڕق و قینی لە دۆستەکانی دنیایە.

تۆ شێخ و ئەو عەجووزە عەجەب دۆستی یەکترن
بێ شاهید و نیکاحە دیارە موعامەلە
ل١٠٠

لەبەر ئەوەی نالی ڕۆشنفکرێکی گـــەورە بووە، بۆیە ئاگادارو شارەزای هێڵ و جموجۆڵەکانی ناو کۆمـەڵیش بووە، هەر لەبەر ئەوەشـــــە ئەو نەهاتووە (تەڕو وشک پێکەوە بســـووتێنێ)، بەڵکو توانیـــویەتی ڕەنگ و ڕووەکان دەستنیشان بکات و لێکیشیان جیا بکاتەوە. ئەو هەر بای ئەوەندە گلەیی و گازاندە لەو دنیا پەرستانە دەکات کە زێدەڕۆیی لە پەیوەندییەکانیان نەکەن و هەموو سنوورەکـان نەبەزێنن بۆ ئەوەی خـۆشی ســروشت تێک نەچێت و مافەکان پێشێل نەکرێن، تا یاسای دارستان پیـــادە نەبێت نالی ناوی ئەمـانەی هێناوە، بەڵام لەبەر ئەوەی دنیـاپەرستی ئەمـانە ڕاستەوخۆ بێ دەمـامک و پەردەو چەواشەکردن بووە، هەڵپەو هەڵسوکەوتیان دیار و ئاشکرابووە، ڕاوەستـانیش بەرامبـەریان شێـوەو قـاڵبی تایبەتی وەرگرتووە.

ئەهلی دونیایێ لەبەر حیرس و تەمەع هوشیارن
بە خوسووسی بگەڕێی مەست و خیرەمەندی نییە
ل١١٨

شەڕ و ملمـلانێی تەواو و بەردەوامی لەگـەڵ ئەوانەیە کـــە لـە ژێر پەردە و دەمـــامکی پیـــاوی ئایینی و خواپەرستیدا خۆیان حەشارداوە. دیارە ئەمانەش ئایینی پیرۆزی ئیسلامیان کردۆتە چەکێک و مەرامە ناڕەواکانی خـۆیان پێ جـێـبـــەجێ دەکـــەن، ئەوانەش ڕیشـــیـــان بەرداوەتەوە، بەســاخـــتـــە و درۆ خـۆیان خـزاندۆتە ناو حەلقەی زیکرو وەعزو ئامۆژگاری، بەناو لە خەڵوەتدان و لە ژێرەوەش دەسـەڵات و جـاسـوسـیـان هەیە، نە ئیش و کارێ دەکەن و نە بەرهەمێکیان هەیە خواردنی خۆشیش دەخۆن و دەڵەک و ڕێویش دەپۆشن.

مەغشووشی زەڕو عاجزی زیو، دەرهەمی درهەم
بۆ تێک چووە سۆفی، کەرە بۆزەی غەم و یاری
ل١٢٠

نموونەی تر بۆ ئەو بابەتە دەستنیشان کراون(**).

٤- تەنز، یا گاڵتە پێکردن:

(نالی) وەرە هەزلێکی کە عاری شوعەرا بێ
ڕوو ڕەش مەکە پێی سەفحەیی هیچ لەوح و کیتابێ
ل١٦٧

تەنزو قسەی خۆش و گاڵتەوگەپ لە شیعر و پەخشان مێژوویەکی یەکجار کۆنی هەیە، نالیش شیعرەکانی لەو بابەتە بێبەش نەکردووە. بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێ دێرە شیعرە تەنزەکانی نالی لە ئاستێکی زۆر بەرزو گراندان و لایەنە هونەرییەکانیان فەرامۆش نەکراوە.

واعـیـزو سۆفی و دەرۆیش.. تاد. بوونەتە کەرەسـە بۆ ئەو وێنە شیعرییانە کە نالی سەرلەبەریان ڕەت دەکاتەوە، ئەویش هەر لەبەر ئەوەی چونکە ئەو هەڵسـوکـەوت و ڕێسـایانە لەگـەڵ خـەت و بیـروباوەڕی ئایینی پیـرۆزی ئیسلام یەک ناگرنەوە.

ئەو شێخە بە کەم مەگرە کە پەشمینە موریدە
ئەو ڕیشە بە سەردار و ڕەئیسێکی بزانە
ل١٠٢

دیارە نالی لایەنە پەروەردەییەکەشی لە بیـرنەچووە کە ئەم دێڕانە دوو لایەنە کارەکـانی خـۆیان ئەنجـام دەدەن، یا وەک دەڵێن نـالـی دەیەوێ (بە بەردێک دوو چۆلەکـــە بپـێـکێ) لە لایەک ئاگـاداری ئەو چینانە دەکـا لەوەی کارەکانیان بێسوود و بێهوودەو بێ بەرهەمن، میللەتیش وشیـار دەکاتەوە کە لە کەسانێکی دوو ڕوو، مشـەخۆر، درۆزن دوور بکەونەوە، دێڕە شـیـعـرەکـانـی بۆ ئەم بابەتە وەکو وێنەی کاریکاتێر زۆر بەئاسانی وێنە دەکێشرێن و سەرنج بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن.

سۆفی چییە ئیشی تۆ، هەر کایە حەشیشی تۆ
عاشق وەکو ڕیشی تۆ، هەوساری لەکن پەشمە
ل١٠١

نموونەی تریشمان هەیە:
(١٠١-٦)، (٧٤-٧)، (٦٩-١)، (١٦٥-٨).

٥- بەبیر هێنانەوە، یا ترساندن:

بە مەرگی تۆ قەسەم زاهید هەموو عومرت عوبوورێکە
مەکان و مەنزلت ئاخیر لەکن جەمعی قوبوورێکە
ل٩٨

نالی زاهید و ئەوانەی وەک ئەون ئاگادار دەکاتەوە، یا بە شێوەیەک بە بیریان دەهێنێتەوە، کە ئەو ژیان و دواڕۆژەی بە خەیاڵ و لەسەر هەوا بنیاتی دەنێن هیچ لە مەسەلەکان ناگۆڕێت و زۆر پێویستە چاوێک بە گوزەرانیاندا بگێڕنەوە، ئەگەرنا هەر چرکەیەکە ئەوەی هەیانەو نییانە هەمووی ڕەش دەبێتەوە، لە دنیایەکەی تریش دەست بەتاڵ لە شانازی و سەروەری، چاوشۆڕ و شەرمەزار لە ڕابردوو. ئینجا دەبێ مەکان و مەنزڵی ئەو لایان چۆن بێت.

پاش خوێندنەوەی ئەو هەموو گلەوگازاندەو تەعلیق لێدان و ناڕازی بوونەو دواتر قسەی زیاد کردن کە بە شێوەی تەنز و بە تەوسەوە وێنە کێشراون، ڕوو و ڕوخساری ڕەش و ناشیرینی ئەو کەسانەی نیشان دا کە بەناوی ئایینەوە مەرامەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن و فێڵ لەم و لەو دەکەن. نالی بەم بڕە شیعرانەی بیروڕا و هەڵوێستەکانی خۆی بۆ ئێمە یەکالا کردۆتەوە بەرامبەر بەو هەموو ناونیشانە زلانەی باسیان لێوەکرا، وەکو ڕۆشنفکرێکیش دەوری ڕابەری بینیوە لەوەی کۆمەڵ و میللەتی وشیار کردۆتەوەو ڕۆڵی پەروەردەییشی گێڕاوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەبینین نالی چ وەکو شاعیر یا وەک مرۆڤێکی ڕۆشنبیرو شارەزا ناوە ناوە لە دنیای سۆفیگەری نزیک بۆتەوە، ئێمە ئەو نزیک بوونەوە بۆ کاریگەری خوێندنی ئەو کتێب و سەرچاوانە و پاشان تێکەڵ بوون بەشاعیرە گەورەکانی ئیسلام و بوونی هەردوو تەریقەتە سەرەکییەکەی شاری سلێمانی دەگەڕێنینەوە. ئەو نزیکییەی نالی بۆ دنیای سۆفیگەری لە دوو ڕووەوە خۆی دەنوێنێ:

١- بەکارهێنانی وشەو زاراوەی سۆفیگەری: پاش پێکگرتنی فەرهەنگی وشەی دیوانی نالی و چەند فەرهەنگ و فەرهەنگۆکی(٣٤) وشەو زاراوەی سۆفیگەری دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە نالی بە سەدان وشەو زاراوەی سۆفیگەری بەکارهێناوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین کەمێکیان یا هەندێکیان لەو وشە و زاراوانە بۆ خودی بابەتی سۆفیگەری بەکار بردراون و ئەوانی تر وەک کەرەسەی ئاسایی بۆ مەجالی ترو واتای خۆیان بەکارهێنراون. ئەو دەستنیشان کردنە بەسە بۆ ئەو خاڵەو ئەگینا دەتوانین وشەو زاراوەکان بەرامبەر یەکتر ڕاگرین و وەکو زنجیرەش یەک لەدوای یەک ڕیزیان بکەین و تۆماریان بکەین، ئەو کارەمان بەزیاد زانی.

٢- لەو وشەو زاراوانەو کەرەسەکانی تر نالی توانیویەتی دێڕە شیعرو وێنەی هونەری وا بێنێتە ناوەوە کە خۆیان لە قەرەی وێنەی شیعری هونەری شاعیرە گەورەکانی دنیای ئیسلام و ڕۆژهەڵات بدەن (ئەگەر تێشی نەپەڕاندبن).

گەڕانەوەی مەولانا خالید بۆ شاری سلێمانی و بەخۆ بەتەریقەتە تازەکەی، گردبوونەوەی خوێندەوارو مەلا پایەبەرزەکانی شارو دەرەوەی بەدەوری ئەو تەریقەتەو زۆر بەخێرایی مەیدانی کارکردنیان فراوان دەبوو، دیارە لەبەر زانایی و لێهاتوویی مەولانا تا دەهات تەریقەتەکەیان پەرەی دەستاندو بەم لاو ئەولا بڵاو دەبۆوە.

ئەنجامی ئەمانە بوو بەهۆی ئەو ململانێیەی کە نەدەبوو ڕووبدا و ڕوویدا. بوون و دروست بوون و ڕێکخستنی هەموو ئەو تەریقەتانەش دەگەڕێتەوە بۆ بەپرۆگرام کردن و پێش خستن و باشکردنی هەردوو ژیانی دنیایی و ئایینیی کۆمەڵانی خەڵکەکەو پێشڕەوی و ڕێ نیشاندانیانە بۆ گەیشتن بەخۆشی و سەربەرزی هەردوو دنیا. هەر بۆیەشە دەبینین نالی سەر لەبەری سۆفیگەری و تەریقەتەکان ڕەت ناکاتەوە، بۆیە ناوە ناوە دێڕێکی وای لە غەزەلێک یا قەسیدەیەک تەوزیف کردووە کە پڕ بەپێستی خۆیەتی بۆ نیشاندان و پێش چاوخستنی لایەنە گەش و پڕشنگدارو دیارەکانی ئەو بواره.

عاشق هەوەسی مەیکەدەو و عیلمی بەسیتە
عاقل تەلەبی مەدرەسەو و جەهلی مورەککەب

ل٥٧

نالی لێرە بۆ هەر نیوە دێڕێک پێنج وشەی هێناوەو بەرامبەر بە یەک لەنگەریان گرتووە، هەردوو نیوە دێڕەکەش وشەکانیان دژ یەکن جا چ بە ئاشکرابێت یاخود بە نهێنی و دوور بە دووری (عاشق × عاقل)، (هەوەس تەلەب)، (مەیکدە × مەدرەسە)، (عیلم × جەهل)، (بەسیت × مورەککەب). ئەو دێرە تەژییە بە وشە و زاراوەی سۆفیگەری یا عیرفان لەو دێڕە شتەکانی پەیوەندار بە هۆش و دواتر بەو دنیایە سەرلەبەری وەلا نراوە و ڕەت کراوەتەوە، ئەمە کارێکەو ئەنجامەکەی لای نالییە، چونکە ئەو لەگەڵ ڕووداو و سەرەتاکاندا تەواوی نەخشەکەی لەبەردەستەو خوێندراوەتەوە، لەو دێڕەش بە ئاشکرا دیارە کە زۆر لە لایەنەکانی ئێرەی بۆ جەهلی مورەککەب دەبا، لەو دێڕە ململانێ و بەگژیەکدا چوونێک

هەیە لە نێوان عاشق و عاقڵ یا دڵ و هۆش کە یەکەمیان بە ئاسمانەوە بەندەو ئەوی تریشیان بە ئەرز، دڵ تەڕە، گەشە، بە دنیای دوور و مەلەکووت بەستراوە. هۆش وشک و برینگە، هەستەکانی ناتەواو و کارەکانیان سەقەت و ئیفلیجن، تەنیا پێشە خۆیان دەبینن، ئەی ئەوە نییە پاڵەوانی نیوە دێڕی دووەم کە عاقڵەکەیە چی بەسەر هاتووە عاشق پاڵەوانی نیوە دێڕی یەکەمە و نادیارە، هەر یەکێک گەیشتە پلەی عاشقی ئەو پاڵەوانەیە و دەورە سەرەکییەکە بە ئەو دەسپێردرێ، عاشق مەعشووقەی خۆی هەیە، نالی لێرەکانە باسی خاوەن دڵ دەکا، ئەوەی دەبێ بەخاوەن دڵ پێویستە چەند پلەیەکی بڕیبێ، بۆیە ئەو نەپێویستی بە زانینە و نە بەهەستەکان، ئەو شتی تری هەیە بۆ گەیشتن بە تاکە مەرامی کە مەعشووقەکەیەتی.

بە میعراجی سلووکی سالیکاندا تا نەچی ڕۆژێ
لەنێو جەهلی مورەککەبدا دەمێنی هەروەکو ماوەی
ل١٦١

بۆیە نیوە دێڕی (عاشق هەوەسی. . . تاد) بە ئاشکرا دیارە بۆنی سۆفیگەری لێ دێت، نیوە دێڕی دووەمیش دیارە تەعیلق و پەلار گرتنە لە عەقڵ و مەدرەسە و زانین.

ئێمە ئەو ململانێ و ڕکەبەرییەی نێوان دڵ و هۆش بۆ سەدەکانی چوارەم و پێنجەمی کۆچی دەگەڕێنینەوە، کە ئەمەش لە نووسینەکانی ئیمامی غەزالی و ئیبن ڕوشد ڕەنگیان داوەتەوە، کە هەر یەکە لەو دوو ڕێبازەش موریدو لایەنگیری خۆیان هەبووە، دواتر لە سەدەی شەشی کۆچی ئیبنولعەرەبی نامەیەکی بۆ ئیمامی فەخری ڕازی نووسیوە، هەمان ئەو بابەتەی وروژاندووەو دیسان ئەویش لاتەرازووەکەی بەلای دڵ و ڕێبازی سۆفیگەریدا دەلەنگێنێ(٣٥).

خانەقاش هەروەکو مەیخانە کە هەر ئاوا بێ
مەجلیسێکی هەیە ئەمما گەپ و گۆبەندی نییە
ل١١٧

لە نوسخە و چاپی تر هەندێ جیاوازی لەو دێڕەدا هەیە، نالی خانەقا و مەیخانەی پێکچواندووە و بەرامبەر بەیەکتری داناون. لە فەرهەنگەکانی سۆفیگەری و دیوانی شاعیرانی عیرفان هەر دوو وشەی خانەقاو مەیخانە یەک واتایان هەیە. ئاشکرا دیارە هەردوو وشەکان بە واتا ئاساییەکانی خۆیان بەکار نەهاتوون و بەڵکو وەکو دوو زاراوەی سۆفیگەری لەو دێڕە حسێبیان بۆ کراوە. ستایش و بەرزو پیرۆز ڕاگرتنی خانەقاش خۆی لە خۆیدا بەڵگەیەکی تری بۆ چوونەکانمان بەهێزتر دەکا.

ئێستەش بە بەرگ و بارە، عەلەمدارە شێخەباس
یا بێ نەواو بەرگە گەڕاوە بە شەخسی عوور
ل١٤٢

لەو دێڕەش حسێبێکی تایبەتی بۆ ئەو مەزار و شوێنە پیرۆزە کراوە کە ناوی شێخەباسە، ئەگەر هەموو شێخەکان لەبیرو بۆچوونی نالی وەکو یەک و لەیەک ئاستدابان نەدەبا لێرە باسی شێخەباسی بکردایەو ناوی بهێنابا و بەلایدا بچووبا. ئەو ناو هێنانە جۆرە گەورەیی و پیرۆزی بەناوەکە دەبەخشێ کە (شێخە) بەوەی بە بەرگ و بارو عەلەمدارە، ئەم دێڕە بە دوو بیروڕای نالیمان ئاشنا دەکات:

١- بەکارهێنانی وشەی شێخ بەلایەن و ڕووە گەش و تەواوەکەی.

٢- ئیمان و بڕوای نالی بە شوێنی پیرۆز و مەرقەدی پیاوچاک و خواناسە گەورەکان.

فەرشی پەڵاسە دۆشەگی خاکە سەرینی بەرد
بێ تووک و ڕووت و قووت و فەقیرو قەلەندەرە
ل١٤٧

ئەم دێڕەش چەند وشەو زاراوەیەکی سۆفیگەری بەخۆ گرتووە، بەڵام لەوەش گرنگتر ئەو هەموو سیفەتانەیە کە دراون بە یەکێک لە خواناسی و دەرویشیدا کتومت لە یەکێکی وەکو بابا تاهیری هەمەدانی دەکا.

مو ئان ڕەندەم کە نامەم بی قەلەندەر
نە خان دیرەم، نە مان دیرەم، نە لەنگەر
چو ڕۆز ئایەد بگەردەم گەردو کۆیەت
چو شەو ئایەد بخشتان وانە هەم سەر(٣٦)

لەم جۆرە وێنانە لە ئەدەبیاتی کلاسیکدا لای زۆر لە شاعیرەکان دووبارە بۆتەوە. ئەو هێزو واتایانەی لەو دێڕە دەچۆڕێنەوە، یا ئەو تابلۆ نیگارینە و نەخشینە هونەرییە، وای لەم دێڕە کردووە کە بەبێ هیچ بەربەست و تەگەرەیەک، یا هەر بێ پەساپۆرت بە ئاسمانی دنیای

سۆفیگەری هەڵبکشێ.

مەگەر هەر یاری نەقشینم ببێتە نەقشبەندی دڵ
کە نەقشی ڕەنگی غەیری ئەو بە ئاوی دیدە شۆڕا بێ
لە عەکسی زاتی بێ ڕەنگت هەتاکەی دیدە ڕەنگین بێ
جونونی لەیل و مەیلی نەقشبەندی عەکسی ئەسما بێ

لە غەزەلی (حەریقی زیقی هیجرانم. . .) ل (١٢٩) دوو جار ناوی نەقشبەند هاتووە، دوو جاریش نەقشی بەکارهێناوە، نەقشبەند ئەو واتایانەی هەیە: وێنەکێش، ئەو کەسەی وێنە دەکێشێ و نەقش دەکا. نەقشبەندی ئەو تەریقەتەیە کە لەسەر دەستی مەولانا خالید لە کوردستان بڵاوبۆتەوە. لە گفتوگۆ و قسەکردندا وشەی نەقشی دەبێتە کورتکراوەی نەقشبەندی واتە: فلآن (نەقشی)یە و قادری نییە.

لە سایەی کوفری زوڵفت دڵ فەنافیننووری ئیمانە
مەڵێن زوڵمەت خەراپە وەسڵی پەروانە لە شەودایە
ل١١٣

سایە، کوفر، دڵ، زوڵف، فەنا، نوور (فەنافیننوور)، ئیمان کە نیوە دێڕی یەکەم پێک دەهێنن هەموویان وەکو زاراوە لە فەرهەنگ و دنیای سۆفیگەری بەکارن، بۆ نیوە دێڕی دووەمیش زوڵمەت، وەسڵ، پەروانە، شەو ئەوانیش هەمان ڕۆڵیان هەیە.

ئەوەی لەو دێڕە تێبینی دەکرێ نالی هەر دوو زاراوەی (فەنافینوور)و (فەنافیللا)ی بەرامبەر بە یەک ڕاگرتووە، بە دەلیلی ئەوەی خودای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێ: (الله نور السموات والارض).

بۆ واتای گشتی ئەم دێڕەش نالی وردەکاری خۆی ئەنجام داوە، ئەگەر وشەکان وەکو زاراوە لێکبدەینەوە ئەوە واتایەکمان دەست دەکەوێ، ئەگەر وەکو وشەی ئاسایی فەرهەنگی وەریان بگرین دیارە جۆرە واتایەکی ترمان پێ دەبەخشێ.

(نالی)یەک و ئەو کەس کە تەمامی غەزەلی بیست
مەعلوومی بووە زۆر و کەمی خاریقی عادات
ل١٣٦

دوێنێ چ بوو دەتدا بە زمان لافی کەرامەت
ئەمڕۆ نەدەمت بوو نەدەمت بوو نەدەمت بوو
ل٨٧

لەجوملەی موعجیز ئەندەر موعجیزی ئەحکامی قورئانە
کە میعراجی بڵندی ئەووەلی ئایاتی سوبحانە
ل١٥٧

زاراوەکانی (خاریقی عادات، کەرامەت، موعجیزە) هەرسێکیان لە بنج و بنەواندا وەک یەکن یا زۆر لە یەک نزیکن، لە لایەکی تریش تەماشا دەکەین لە واتاو لێکدانەوە وردەکانیان لێک جیادەبنەوە. خاریقولعادات واتە ئەنجامدانی کار و کردەوەیەکە لەلایەن یەکێک، کە کەسی تر نەتوانێ بیکات. ئەو کارە سەرنج ڕاکێشانەش (بە خاوەن بیروباوەڕ و یەکێکی گومڕا و بێ باوەڕ ئەنجام دەدرێن)(٣٧). کەرامەتیش ئەو کار و کردەوانەن تەنیا شێخە گەورەکان و وەلی و خواناسەکان (ئەوانەی خودای گەورە خۆشی دەوێن) دەتوانن ئەنجامی بدەن، هۆش و لێکدانەوەی ئاسایی ئەم جۆرە کارانەی پێ قووت نادرێت. موعجیزە: ئەو کار و کردەوە و هەڵوێستانەن کە تەنیا بە پێغەمبەرەکانەوە بەندن و موعجیزە تەنیا لای ئەوانە، پێغەمبەری ئێمەش دەیان موعجیزەی لێ دەگێڕدرێتەوە.

وەرە با عالەمی قەلبت نیشان دەم
کەوا فەقری غینایە مردنی ژین
ل٨٥

لای نالی تەنیا جیهانێک و دوو سێ جیهان نییە، بەڵکو بە دەیان جیهان و عالەم لە میشک و ئەندێشەیدا پەنگیان خواردۆتەوە، ئەوە نییە وا بانگمان دەکا و دەیەوێ یەکێک لەو جیهانەمان نیشان بدا. جیهانێکە پڕە لە خۆشەویستی و ئیمان و بیروباوەڕ، نالی باس لە عالەمی قەلب دەکا، ئەو عالەمەی یاسا و ڕێساکانی بە هیچ جیهانێک ناچێ، لەو جیهانە هەژارەکانی دەوڵەمەندن، مردنیشی تێدا ژیانە، عالەم، قەلب، فەقر، غینا، مردن لەو دێڕە هەموویان دەچنە ناو فەرهەنگی سۆفیگەری. لەو دێڕەش نالی لەسەر زمانی بەرامبەرەکەی عالەمێکی ترمان پێ ئاشنا دەکا.

من سەروی ڕەوانی چەمەنی عالەمی بالآم
(نالی) بە توفەیلی بووەتە سایە لە دوو من
ل٨٣

عالەمی بالآ: جیهانی سەرەوە، ئاسمان بارەگای خودا،

عـالەمی مەلەکووت. لە جـیهـانی سـۆفیگەریدا بەدەیان تالّە ئاوریشـمی بریقـەدار هەن بـۆ ئەوەی بەو جـیـهـانە ببـەستریتەوە و پەیوەندییەکانی نێوان ئاسـمان و زەوی پتەوتر و بە جۆشتری بکەن.

ئەگەر بە هەموو زاراوەو وشەکانی سەر بە فـەرهەنگی سـۆفـیگەری دیوانی نالی دەور کـەینەوە زۆر لە مـەبەست دوور دەکەوینەوەو درێژەش دەکێشی بۆیە هەر بەوەندە واز دەهێنین و هەندێ لەو زاراوانە تۆمار دەکەین، کە دەبا لە سـەروانیش بوەستین، لەبەر درێژدادڕی وازمـان لێـهـێنا: زیکر، ڕیازەت، خـەلّوەت، ئـیـشـراق، تەلیـسم، بەیتی مـەعـمـوور، تەسـبـیح، ڕاز، دەف، حـەلقـە، خـەرقـە، سولووک، عـاریف، قەلەندەر، کەشف، یەقین، هود هود، وەسڵ.

تۆمـار کـردنی ئەو هەمـوو نموونە شـیـعـرییـانەو لەسـەر نووسـینیـان و دەورکـردنەوەی ئەو وشـە و زاراوانە، وەک بابەتێک کە جەمسـەرێکیان بە دنیای سۆفیگەری گرێ دراون، هەمـوو ئەمـانە بۆچوونەکـانی پێشـتـرمـان لەق و لاواز ناکەن لەوەی کە نالی هیچ پەیوەندی ڕاستەوخۆ و گـیـانی بەو مـەیدانە نەبووە. ئەگـەر بشـپـرسن پاش ئەو ڕادەربڕینە ئەو نووسین و لێکدانەوانە لەچی؟ لە وەڵامدا دەڵێین: سێ خـــاڵی گـــرنگ بۆ ئەو بابەتە پێش چاو دەخەین:

١- نالی وەکـو زمـانزانێک خـەزێن و زەخـیـرەیەکی یەکجار زۆر و لە بن نەهاتووی هەبووە، ئەوەندە ورد و پڕ زانیاریش بووە توانیویەتی بە پێی پێویست یا بە مگێزی خۆی دێرە شیعرەکان بەو کەرەسەیە بنیاد بنێ. وشەی وای هەڵبـژاردووە کـە چەندان واتا هەڵدەگـرن لەوەوە دەتوانرێ بۆ هەر دیاردە و بابەتێک بەدەیان نموونە یا زیاتر لە شیعرەکانیدا هەڵبهێنجین.

٢- زانیـاری و زانسـتێکی زۆری لەسـەر سـۆفـیگەری هەبووە، ئەو زانیارییانەش پێویستییان بە دەربڕین هەیە (وەک جـۆرە بەتاڵ بوونێکیش پێـویسـتـیـیـەکـان وا دەخوازن). تاکە ڕێگاش لەبەردەم نالی تەنیا شیعر بووە و بەس.

٣- کارکردن لەو مەیدانە بۆ یەکێکی وەک نالی زۆر لە شـــوێنی خـــۆیدا بووە، چونکە بمانەوێ و نەمـــانەوێ کاریگەری شاعـیـرانی گەورە و زانا مـەزنەکانی ئیسلام بەسـەر نالی و شـیـعـرەکـانـیـیـەوە دیارە، ئەو شـاعـیـر و زانایانەش هەمان شت لەبەر کاریگەری ئایینی ئیسـلام تێکەڵ بە دنیـــای ســـۆفـــیگەری بوونە یا ئەوانیش لە دەرەوەی جغز و تخوبەکەی کاریان بۆ کردووە.

پەراوێز و سەرچاوەکان:

(١) مارف خەزنەدار (د.)، شیعری مەحوی لە نێوان سۆفیزم و دەروێشیـزمدا، مـەحوی، بەشێک لە بابەتەکـانی فیـستیـڤـاڵی مـەحـوی، دەزگـای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١، ل١٨.

(٢) خەبات عـارف، ئەنتۆلۆگیا، لە بڵاوکراوەکـانی بنکەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕەسەن، سوید، ؟، ل٩٦،

(٣) مەسـعود مـحـمـەد، چەپکێک لە گوڵزاری نالی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧ ، ل٦٥.

(٤) عـبـدالحسین زرین کوب (دکتـر)، ارزش میـراث صـوفیـه، چاپ هشـتم، چاپخانـه‌ء سپهـر، مـؤسسـه انتشـارات امیـر کبیـر، تهران، ١٣٧٧، ص١٤.

(٥) سەرچاوەی پێشوو، ص٣٣.

(٦) جیـمس بیلي فـریزر، رحلة فـریزر، ترجمـة جعفـر الخیـاط، الطبعة الاولی، مطبعة المعارف، بغداد، ١٩٦٤، ص٣٤.

(٧) محمد امین زکی، تاریخ سلیمـانی، چاپخانەی (النجاح)، بغداد، ١٩٣٩، ل١٦٥.

(٨) مـــەلا عـــەبدولکەریمی مـــودەڕیس، یادی مـــەردان، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٩، ٣٥٦.

(٩) محمد امین زکی، تاریخ سلیمانی، ل٩٠و ٩١.

(١٠) محـمـد الخـال، الشـیخ معـروف النودهي البـرزنجي، دار مطبعة التمدن، بغداد، ١٩٦١، ص٨٧.

(١١) ی. ئی. ڤاسـیلیـەڤـا، کـوردسـتانی خـواروو ڕۆژهەلات،

وەرگـێـڕانی ڕەشـاد مـیـران، چاپخـانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٧، ل ٢٣٧.

(١٢) مـحـمـد الخال، الشـيخ مـعروف النودهي.. ص١٥.

(١٣) مـــەلا عـــەبدولکەریمی مـــودەڕیس، یـادی مەردان، ب١، ل٣٢.

(١٤) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢.

(١٥) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩.

(١٦) سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠.

(١٧) ی. ئی ڤـاسـیلیـەڤـا، کـوردسـتـانی. . . ل ٢٣٧.

(١٨) مـــەلا عـــەبدولکەریمی مـــودەڕیس، یـادی مەردان،ب١، ل٣٥.

(١٩) کلودیوس جـــیـــمس ریج، رحلة ريج في العراق عام ١٩٢٠، ترجمة بهاءالدين نوري، الجزء الاول، مطبعة السكك الحديدية، بغداد، ١٩٥١، ص٢٢٧.

(٢٠) حسين خمري (الدكتور) بنية الخطاب النقدي، الطبعة الاولى، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، ١٩٩٠، ص٥٩.

(٢١) عـلاءالدين سجادی، کوردەواری، چاپخانەی مەعارف، بەغدا، ١٩٧٤، ل ٨١و ٨٢.

(٢٢) عبدالكريم محمد مدرس، علماءنا في خدمة العلم والدين، الطبعة الاولى، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٣، ص٥٧٦.

(٢٣) حـاجی قـادری کـۆیی (دیوان) لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا، بەغدا، ١٩٨٦، ل ١٨٥و ٢٥٨.

(٢٤) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٧.

(٢٥) محـمـد فـؤاد عـبـدالباقي، المعجم المفهرس لالفاظ القرآن الكريم، مطبعة دار الكتب المصرية، القاهرة، ١٩٤٤.

(٢٦) منصور علي ناصف (الشيخ)، التاج الجامع للاصول، المجلد الاول، دار الفكر، ١٩٨٦، ص٥٧.

(٢٧) (حافظ – ديوان)، ص ٨١٩، ٣٤٩.

(٢٨) محمد فؤاد عبدالباقي، المعجم المفهرس

(٢٩) قـورئـانی پـیـرۆز، سـورەتی (ال عـمـران)، ئایەتی (٣١) وەرگێڕدراوی هەژار.

(٣٠) سـەرچاوەی پێـشـوو، سـوورەتی (المـائـدة) ئایەتی (٥٤).

(٣١) عـبدالقادر عـرفان العشا حسونة (الشيخ)، الاحـاديث القـدسـيـة، الطبعـة الاولى، دار الفكر، بيروت، ؟، ص ٢٠٩.

(٣٢) حافظ (ديوان)، حافظ نامه، ص ٧٥٧.

(٣٣) سەرچاوەی پێشوو، ص ,١١٧٣

(*) (١٣٢ – ٩)، (١٠٠ – ١)، (٦٦ – ٢)، (١٠٩ – ١)، (٧٠ – ٧)، (٩٣ – ١٠)، (٨٤ – ٢)، (١٠٢ – ١٠)، (١٥٥ – ٥) (٦٦ – ٧)، (١٢٢ – ٩)، (٧٠ – ٤)، (١١٢ – ٥)، (٥٥ – ٨)، (٤٣ – ٦)، (١٤٣ – ٧)، (٥٠ – ٣)، (٩٧ – ٨)، (١٠٢ – ٦).

(**) (١٠٠ – ٤)، (٨١ – ٤)، (٩٨ – ٤)، (٩٦ – ٤)، (١٠٠ – ٣)، (٩٩ – ٧)، (٧٧ – ٥)، (٨٥ – ٣)، (١٣٢ – ١)، (٧٠ – ٢)، (١٣٠ – ٥)، (٩٧ – ١١).

(٣٤) سـيـد جـعـفـر سـجـادی (دکـتـر) ، فـرهنگ اصطلاحـات و تعـبـيـرات عـرفـانی، چاپ چهـارم، کتابخانه ء طهوری، تهران، ١٣٧٠.

– سعاد الحكيم (دكتورة)، المعجم الصوفي، الطبعة الاولى، دندره للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٨١.

– ابو الحسن علي بن الجرجاني المعروف (بالسيد الشريف)، التعريفات، وزارة الثقافة والاعلام، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، ١٩٨٦.

(٣٥) مـحي الدين ابي عـبـدالله العـربي الحـاتمي (الشيخ الاكبـر)، رسـائل ابن العـربي، دار احـيـاء التراث العربي، شركة علاءالدين، بيروت،؟.

(٣٦) بابا طاهر، سلسله انتشارات انجمن آثـار ملی، ١١٣، چاپ دوم، ١٣٥٤، شرح احوال وآثار دو بیتی های بابا طاهر عریان، بانضمام شرح و ترجمه و کلمات قصار وی منسوب به عین القضاة الحمدانی، بأصل وترجمه و کتاب الفتوحات الربانیه فرج الاشارات الهمدانیه، به شرح وتفسیر محمد بن ابراهیم مشهور به خطیب وزیری، به کوشش دکتر جواد مقصود، ص١١٢.

(٣٧) سـيـد جـعـفـر سـجـادی (دکـتـر)، فـرهنگ اصطلاحات و...، ص ٣٣٥.